سودانی جێختدەکاتەوە لەپاراستنی کرێکارانی بیانی و پڕچەدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ پاکستان



ئەمڕۆ شەممە ،محەمەد شیاع سودانی سەرکی ئینجومەنی وەزیران جێختیکردەوە لەپاراستنی کرێکارانی بیانی و ڕێزگرتن لە مافەکانیان و پڕچەدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ پاکستان

ڕووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە : محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیران پشوازی لە ئەمیندارێ گشتی پارتی یەکگرتنی موسڵمانان و ئەندامی ئینجومەنی پیرانی پاکستان، شێخ ڕاجا ناسر عەباس جەعفەری و شاندی یاوەری کرد.

ڕ

بەگوترەی بەیاننامەکە، سەرۆك وەزیران بەخێرهاتنی شاندی سەردانکەری کرد، جێختی لە قووڵایی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و پەیوەندییە ئایینی و کولتووریییەکانی نێوان گەلی عێراق و پاکستان و گرنگییان لە پتەوکردنی هاوکاریی هاوبەش کردەوە. هەروەها ئاماژەی بە پێویستی کارکردن بۆ دامەزراندنی کۆمیسیۆنی دەستایەتی عێراق و پاکستان و پڕچەدانی کاری پەرلەمانی کرد لەگەڵ کاراکردنی لیژنە هاوبەشەکانی پەرلەمانی وەك دەروازەیەك بۆ هاوکاری لە کۆرتە جیاوازەکانی نێوان هەردوو وڵات.

سەرۆك وەزیران دووپاتی کردەوە : کە عێراق میکانیزمی کارکردنی هەیە کە ڕێزگرتن لە مافی

کرکارانی بیانی مسگر دکات، لە هەمان کاتدا بە لێبڕچاوگرتنی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە ئەم بابەتە ڕێکدەخەن، ئاماژەی بۆشکرد کە حکومەت حەز دکات باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە سەردانیکەران بکات لە بەندە ئاینییەکان و لە سەرجەم دەروازەکانی چوونە ژوورەوە.

سەرۆك وەزیران جەختی لە پێویستی هەوەستی یەکگرتنوو و یەکگرتنی ئیسلامی لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخی ئێستا، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی تاوانکانی جینۆسایدو و برسێتی کە لە غەززە ڕوودەدات، ئاماژەی بە گرنگی ڕۆڵی عێراق و پاکستان لە ڕاگرتنەوەی دەستدرێژی و فراوانبوونی ململانێکان لە ناوچەکەدا کرد.

باڵای خێرەوە شێخ جەعفەری پێزانینی خۆی بە سەرۆك وەزیران و گەلی عێراق، لەگەڵ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانیان، بە ئەو هەوڵانەی بە پێشوازیکردن لە سەردانکەرانی مەزارگە پیرۆزەکانی عێراق و ئەو پێشوازییە گەرمەی لێیان دەکرێت دەربڕی، جەختیشی لە هەوڵەکانی وەاتەکەی کردەوە بە پتەوکردنی هاریکاریی دووقۆڵی لە بەرژەوەندی هەردوو وەاتی دەست.